## ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٥
## یەکسانکردنی بڕوانامەکان

لەبەر ڕۆشنایی کۆبونەوەی ژمارە (٤)ی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٢/٢٢) بەڕێوەچو و، بەئاماژەدان بەبڕگەی (٣) تەوەری چوارەم، کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا لە ڕێکەوتی (١/٩/٢٠١٥) بەدواوەوە لە پڕۆسەی یەکسانکردنی بڕوانامەکاندا ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

**یەکەم:-**

لێژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بەفەرمانی وەزاری پێکدەهێنرێت و، بەشێوازێکی نهێنی کارەکانی بەڕێوەبات.

**دوەم:-**

لێژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بەپێی بوارە پسپۆڕییەکان بەسەر چەند تیمێکی پسپۆڕی جیا دابەش دەبن، هەروەك لە دەسنیشانکردنی ئەندامانی لێژنەکاندا ڕەچاوی هەڵبژاردنی دەرچوانی وڵاتانی جیا دەکرێت.

**سێیەم:-**

**پڕۆسەی پێشکەشکردن و وەرگرتنی مامەڵەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بەم شێوەیە دەبێت:**

١. پێویستە بڕوانامەکە لە زانکۆیەك بەدەستهێنرابێت کە لە لیستی یونسکۆ و، لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان تۆمار کرابێت.

٢. هەموو بەراییەکانی بڕوانامەی پێشکەشکراو دبلۆما (جداری)و، بڕوانامەی نمرە پێویستە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی خوێندن و کۆنسڵگەری کۆماری عێراقی فیدراڵ، یان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاستاندنی بۆ کرابێت.

٣. پێویستە هەموو پێشکەشکارێك کۆپییەکی ئەلکترۆنی نامەی ماستەرەکەی، یان تێزی دکتۆراکەی پێشکەش بکات.

٤. بۆ هەر بڕوانامەیەك فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان/ بەڕێوەبەرایەتی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە ڕێگەی ئیمەیل و پەیوەندی ئەلکترۆنی لەگەڵ زانکۆکە پڕۆسەی ڕاستاندن ئەنجام دەدات.

٥. پێویستە پێشکەشکار پاسپۆرتی ڕەسەن و، وێنەیەکی کۆپی ڕەنگاوڕەنگی پاسپۆرتەکەی پێشکەش بکات، کە تیایدا مۆری چونە ژورەوەو دەرچونی وڵاتی خوێندنی تێدا بێت، لەگەڵ ڤیزای خوێندن یان کارتی نیشتەجێبون بۆ مەبەستی وردبینی لەماوەی مانەوەی لە وڵاتی خوێندن لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان.

٦. پێویستە پێشکەشکار لە ماوەی خوێندنەکەیدا پابەند بوبێت بەئامادەبون و وەرگرتنی (یەکەی ئەکادیمی) پێویست بەپێی ئاستی بڕوانامەکەی.

٧. پێویستە پێشکەشکار لەگەڵ دۆکیۆمێنتەکانی بڕوانامەکەیدا ناسنامەی باری شارستانی. ڕەگەزنامەی عێراقی پێشکەش بکات، بۆ ئەو پێشکەشکارانەی کە هاوڵاتی هەرێمی کوردستان نین پێویستە دۆکیۆمێنتی نیشتەجێبونی درێژخایەن پێشکەش بکەن.

٨. فەرمانی یەکسانکردنی بڕوانامەکان بۆ ئەو ناوە دەردەکرێت، کە لە دۆکیۆمێنتەکانی بڕوانامەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بۆیە پێشکەشکار خۆی بەرپرسیار دەبێت لە گۆڕینی ناو.

٩. ئەو نامەو تێزانەی بەزمانی ئینگلیزی نەنوسراون پێویستە پوختەیەکی نامەکەی، یان تێزەکەی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش بکات.

١٠. ئەو بڕوانامانەی کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی فیدراڵەوە پڕۆسەی یەکسانکردنیان بۆ ئەنجام دراوە، پێویستە لە هەرێمی کوردستان یەکسانکردنیان بۆ ئەنجام بدرێتەوە.

١١. پێویستە لەکاتی پێشکەشکردن و کردنەوەی دۆسیەی یەکسانکردنی بڕوانامەدا تەواوی دۆکیۆمێنتەکان پێشکەش بکرێت، بەپێچەوانەوە مامەڵەکەی وەرناگیرێت.

**چوارەم:-**

**تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بۆ مەبەستی یەکسانکردنی بڕوانامەکان**

١. ئەو زانکۆیانەی لە ڕیزبەندی جیهانیان (Ranking) لە نێوان (١-٢٠٠٠)ە بەپێی دامەزراوەی ڕیزبەندی جیهانی باوەڕپێکراو، جگە لە دڵنیابون لە دروستی بڕوانامەکە، پێویستی بەتاقیکردنەوەو سیمیناری زانستی نیە.

٢. تاقیکردنەوەکانی توانستی زانستی بۆ پسپۆڕییە پزیشکیەکان لە ساڵێکدا (٣) سێ جار ئەنجام دەدرێت، واتە هەر چوار مانگ جارێك.

٣. بۆ سەرجەم پسپۆڕییەکان، پێشکەشکار تەنها (٢) دوو جار مافی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت، ئەگەر لە (٢) دوو جار سەرکەوتوو نەبوو ئەوا دەسەڵاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە تاقیکردنەوەی سێیەمی بۆ ئەنجامبدرێت ، واتە بەگشتی پێشکەشکار (٣) سێ جار مافی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەبێت و، ماوەی نێوان تاقیکردنەوەکانیش نابێت لە (٣) سێ مانگ کەمتر بێت.

٤. تاقیکردنەوەی توانستی زانستی تەنها لە زانکۆکانی (سەڵاحەددین، سلێمانی، هەولێری پزیشکی، دهۆك) ئەنجام دەدرێت، هەروەك لە کاتی نەبونی پسپۆڕی لەو (٤) چوار زانکۆیەی ئاماژەیان پێدراوە، دەکرێت بۆ زانکۆیەکی دیکە بنێردرێت کە پسپۆڕیەکەی تێدایە.

٥. لێژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیار دەدات کە چ بڕوانامەیەك پێویستی بەتاقیکردنەوەی توانستی زانستی هەیە، یاخود نا، هەروەها شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکەش لێژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان دیاری دەکات.

٦. بۆ یەکسانکردنی هەر بڕوانامەیەك، پێویستە پێشکەشکار بڕی (١٠٠$) دۆلاری ئەمریکی بدات، ئەگەر پێشکەشکار پێویستی بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی هەبێت، پێویستە بڕی (٥٠$) دۆلاری ئەمریکی دیکە بۆ هەر تاقیکردنەوەیەك بدات، ئەم پارەیە دوای خەرجکردنی کرێی هەڵسەنگێنەرانی زانستی، ئەوەی کە دەمێنێتەوە، هەروەك دواتر بەڕێنمایی تایبەت چۆنێتی خەرجکردنی دیاری دەکرێت.

٧.ئەگەر پێشکەشکار بڕوانامەی ماستەری تەنها بەکۆرسات بەدەستهێنابوو (واتا نامەی ماستەری نەبوو)، پێویستە سیمینارێك لە یەکێك لە بابەتەکانی خوێندنەکەی پێشکەش بکات.

٨.پێویستە لە پرۆسەی یەکسانکردنی هەموو بڕوانامەیەکدا تێستی ئەلکترۆنی تایبەت بە (plagiarism) بۆ نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا ئەنجام بدرێت.

٩. تەنها ئەو بڕوانامانە پەسند دەکرێت کە ئەنجامی تێستی ئەلکترۆنی تایبەت بە (plagiarism) لە (٢٥% کەمتر بێت) و، لە بەشە تیۆرییەکانیش لە (٥٠% کەمتر بێت)، لەهەمان کاتدا پێویستە تێستی ئەلکترۆنی تایبەت بە (plagiarism) بۆ تەواوی نامەکە یان تێزەکە لە (٤٠%) کەمتر بێت.

١٠. تەنها ئەو بڕوانامانە بەئەکادیمی ئەژمار دەکرێن، کە پێشکەشکار دوو بڕوانامەی یەك بەدوای یەکی لە هەمان بواری پسپۆڕیدا بەدەست هێنابێت.

١١. پێویستە لە یەکسانکردنی بڕوانامە پیشەییەکان بەڕوونی لە فەرمانی وەزاریدا ئاماژە بەپیشەیی بڕوانامەکە بکرێت.

١٢. هاوکات لە فەرمانی تایبەت بەیەکسانکردنی بڕوانامەو، یەکسانکردنی نمرەش بەپێی سیستەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت.

١٣. پێویستە لە فەرمانی وەزاری تایبەت بەیەکسانکردنی بڕوانامە ئاماژە بەتەواوی ئەم زانیاریانە بکرێت، کە بریتین لە:

ا. ناوی ئەو وڵاتەی بڕوانامەکەی تێدا بەدەستهێناوە.

ب. ناوی ئەو زانکۆیەی بڕوانامەکەی تێدا بەدەستهێناوە.

ج. ڕۆژ و مانگ و ساڵ و وەرگرتنی بڕوانامە.

د. ژمارە و ڕێکەوتی کۆنوسی لێژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکە.

ە. ناوی تەواوی خاوەن بڕوانامە.

**تێبینی/**

لە ڕێکەوتی (١/٩/٢٠١٥) بەدواوەوە، بڕوانامەکان بەم ڕێنماییە تازانە یەکسان دەکرێن

